الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-IFIR**

# بۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
# پەرلەمانتارەکانی کوردستان

**پاش سلاو ریز** ...

بەرێزان : ئەم نامەیەتان به نۆینەرایەتی سەرجەم خواست و داوا ئینسایەکانی پەنابەرانی کورد ئاراستە دەکەم دەربارەی کێشەو گیروگرفتەکانی پەنابەرانی کوردی عیراقی لە ئەوروپا بەتایبەتی کە ماوەیەکە زۆربەی وولآتە ئەوروپایەکان کەوتۆنەتە زەخت و زۆر و فشار هێنان بۆ پەنابەرە کوردەکان وهەرەشەی گێرانەوەیان لێ دەکەن بۆ کوردستان و تا ئێستاش 3 وەجبە بە فرۆکەی سەربازی و کەلەپچەو جلوبەرگی سەربازی وەك ئەوەی تاوان باری جەنگ بن رەوانەی فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر کراوەتەوە، سێ وەجبەی تریش بە فرۆکەی ئەهلی لەریگای فرۆکەخانەی عەمان رەوانەی کوردستان کراوەتەوە ،من لە رێگای ئەم نامەیەوە دەمەوێت نارەزایەتی پەنابەرانی کوردو زۆربەی رێکخراوە ئینسانی و پەنابەری و پەرلەمانتارەکانی بەریتانیاو ئەوروپاتان پێ رابگەیەنم و چەند داواکاریەك کە داواکاری ئێمە تەواوی پەنابەرانە لە وولاتە ئەوروپایەکان بخەمە بەر دەستان، داواکارم بە چاوێکی بەرپرسیارانە وەڵامی ئەم نامە بدەنەوەو ئیجرئاتی خۆتان لەسەر بکەن.

ماوەیەکە زۆربەی وولآتە ئەوروپیەکان لە وانە سویسرا و سوید و فنلندا وئەڵمانیا و بەریتانیا کەوتوونەتە زەخت و زۆر هێنان وهەرەشە کردنی گەرانەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بۆ کوردستان و تەنانەت حکومەتی بەریتانیا 93 پەنابەری کوردی بە ئیهانەتو سوکایەتی رەوانەی فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر کردۆتەوە ،جگە لەمانە حکومەتی بەریتانیا لەرێگەی دەزگانی پۆلیسەوە کەوتوونەتە گرتن وراونانی پەنابەرانی کورد لەکاتی ئیمزاکردنی مانگانەیان لەبنکەکانی پۆلیس وەیان لەحملەی شەوانەدا بۆ سەر پەنابەران و راپیچ کردنیان بۆ نیو گرتووخانە دەست بەسەرەکان کەلەلایەن دەولەتی بەریتانیاوە ژمارەیەکی زۆر (Detention ) واتە گرتووخانەی دەست بەسەر کراوەتەوە . وەهەروەها لە وولاتی سوید 1400 پەنابەری کورد کە پێك هاتووە لەخیزان و منداڵ و پەکەوتە لەنیویاندا هەیە دوای چەند ساڵ چاوەروانی یان سالی پار حکومەتی سویدی ئیقامەی پێدان بۆ یەك ساڵ ئێستا ئامادە نیە ئیقامەکان تازە بکەنەوە داوایان لێ دەکەن بگەرێنەوە بۆ کوردستان ئەگەرچی منداڵەکانیان دەچنە قوتابخانە و فێری زمانی سویدی بوون ،وەخێزانی تێدایە منداڵی نەخۆشی لۆکیمیای هەیە وە ژنانی پەکەوتەو نەخۆش وە هەروەها زۆر خێزان هێشتا بەیەك نەگەیشتوونەتەوەو نیوەیان لە وولاتەکانی دراوسێ جێ ماون،حکومەتی ئەڵمانیا بەهەمان شێوە ژیانی 20 هەزار پەنابەری عێراقی خستۆتە بەر دەم مەترسی ناردنەوە وە، حکومەتی سویسراو فنلندا ش خەریکن هەمان سیاسەت دەبەنە پێشەوە بۆ ناردنەوەی پەنابەرانی کورد ، سەرباری ئەوەی پەنابەرانیان بۆ ساڵانێکی زۆر لەکەمپەکان راگرتووە زۆر پەنابەر تووشی نەخۆشی دەروونی بوون و تەنانەت بەهۆی ئەم سیاسەتەوە چەند مانگ بەر لە ئێستا (میوان عمر)پەنابەری کورد لەسوید لەترسی گەرانەوە خۆی کۆشت، .ئەم وەزعیتە بەگشتی ترس و دڵە راوەکی یەکی گەورەی لەنیو پەنابەراندا پەرەپێداوە وبۆتە بەلایەکی گەورە بەسەر ژیانیانەوە. تەنانەت زۆر پەنابەری کورد لەبەر هەرەشەی گرتن ماڵ و شۆینی حەوانەوەی خۆیان جێهیشتووە، و سەفەرو هاتنە دەرەوەی خۆیان راگرتووە، بەتایبەتی کە هەندێك لەوان لەکاتی هاتووچووی نیو شارەکاندا گیراون ئەمە جگە لە برینی سوسیال و لیسەندنەوەی خانوو بێبەشکردنیان لە خزمەتگوزاری.

ئێوە ئاگادارن ئەم دەیان هەزار پەنابەرە کوردە کە ماڵ و حاڵی خۆیان جێهیشتوە وەیان فرۆشتوە و ئازیزان و خۆشەویستانی خۆیان جێهیشتوە و بە ریگای سەخت و پر مەترسی و بەنرخی گیان لەدەستدان دەرباز بوون بە هەر دەلیلێك لە هەر کاتێکی پر محنەتدا کوردستانیان جێهشتبێت ماف خۆیان لە ماف پەنابەری بەهرمەند بن زۆرێك لەو پەنابەرانە دەخۆینن و دەستیان بە خۆیندگا باڵاکان راگەیشتووە کە گەر دەرفەتیان هەبێ لە هەر کەلێنێك دەتوانن باشترین خزمەت بەخەڵکی کوردستان بکەن بەداخەوە لە دەرەوەش هاوکاری ئەم حکومەتانە دەکرێت بۆ ناردنەوەی بەزۆری ئەم پەنابەرانە لەکاتێکدا کە بیکاری و گرانی و هیچ تەزمینێك بۆ ژیانی ئەم کەسانە نی یە ئەگەر بگەرێنەوە بۆ کوردستان

بەریزان

دەمەوێت ئەو راستی یە بلێم لایەنێکی ئەم سیاسەت و هەڵسوکەوتی دەوڵەتەکانی ئەوروپی یەکانە ،لایەنێکی تری بەداخەوە پشتی بەستووە بە ریکەوتنێك کەلەنیوان حکومەتانی ئەوروپا وبەتایبەتی حکومەتی بەریتانیا وحکومەتی عیراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە . بەتایبەتیش کە لەکۆبوونەوەیەکدا من لەوێ بووم لەگەڵ نۆینەرانی رێکخراوە کوردی و عیراقیەکان وە بە ئامادە بوونی بەریز (شانازی ئیبراهیم ئەحمەدو)( عەلی بەیاتی) لەسەفارەتی عیراقی لەندەن، کەلەبەرواری 27-11-2006 لەسەر مەسەلەی دیپۆرتی پەنابەرانی کورد وعیراقی سازدرابوو،دوای ئەوەی من یاداشتنامەیەکی نارەزایەتیم دا دژ بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد ، نوینەری وەزارەتی ناوخوی بەریتانیا بەئێمەی راگەیاند کەناردنەوەی پەنابەران بۆکوردستان لەئاکامی ریکەوتنێکدایە کەلەنێوان حکومەتی بەریتانیاو بەهاوکاری ورازی بوونی

حکومەتی هەرێمی کوردستان  و حکومەتی عیراقی چۆتەپێشەوە و ئەم ریکەوتنەش لەساڵی 2005 ئیمزاکراوە.  وەك ئاشکراشە راستی ناوەرۆکی ئەم رێکەوتنە دوقوڵیەش ئەوەیە   بەپێشوازی لێکردن و وەرگرتنەوەی 5 وەجبە پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان بۆشاری هەولێر لە رێگای فرۆکەخانەکانەی نیو دەوڵەتی هەولێر ئەنجام دراوە، خزمەتگوزاری تەواو بۆ جیبەجێ بوونی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران خراوەتە ئیختیار دەوڵەتی بەریتانیاوە. وە زانیاریمان هەیە ئەم پەنابەرانە پێش ئەوەی بیان نێرنەوە نامەیان نیشان ئەدرێ کە حکومەتی هەرێم رازی بووە بە ناردنەوەت، وە تەنانەت زانیاریمان هەیە شەریکەی زاگروس لە فرانکفۆرت تیکتی فرۆشتوە بە حکومەتی ئەڵمانیا بۆ ناردنەوەی ئەو پەنابەرە کوردانە ،ئێمە زۆر جار ویستوومانە ئەو پەنابەرانە لەمەترسی گەرانەوە رزگار بکەین پارێزەرمان بۆ گرتوون وە یان ئەوانەی بەزۆر نێراونەتەوە، بەڵام حکومەتی هەرێم زانیاری تەواوی لەسەر ئەم پەنابەرانە خستۆتە ئیبختیاری ئەم وولاَتانەوە وەمن بەڵگەم هەیە لەو بارەیەوە ئامادەم لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان بەشداری بکەم ئەو راستیانە بخەمە بەردەست هەموو لایەك.

بەریزان

ئێوە دوای ئەوەی نارەزایەتیەکانی پەنابەران لە هەموو وولاَتە ئەوروپایەکان بەرز بووە  راتان گەیان ئامادە نین هیچ پەنابەرێکی بەزۆر نێراوە وەربگرنەوە بەڵام بەداخەوە هەر دوای ئەم تەسریحەی ئێوەش بە پێچەوانەوە تا ئێستا حکومەتی هەرێم ئەم پەنابەرانە وەردەگرێتەوە هاوکاری ئەم پرۆسەیە دەکات  ، کە  سیاسەت و رێکەوتن نامەیەکی ئاواش بەتەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ خواست وبەرژەوەندی پەنابەرانی کوردستان و بەزیان وزەرەری ئەوان وکەسوکاریان لەناوخۆی کوردستان تەواو دەبێت..

ئێمە لەفیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی لەسەراسەری وولاتە ئەوروپی یەکان لەگەڵ نۆینەرانو هەڵسوراوانی فیدراسیۆن لەشارەکانی تر دەستمان داوەتە چەند کەمپینێکی بەرفراوان ، راگەیاندنی بەرفراوانمان دا بۆ ئیدانەی ئەم سیاسەتە. لەمبارەوە کاری بەرفراوانمان ئەنجامداوەو لەوانە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپاو بەرپرسیارانی (UNHCR) لەجنیف وووڵاتە ئەورپی یەکان کۆبوونەتەوەو نارەزایەتیمان دەربریوە و خۆپیشاندانمان کردوە تا ئێستا لە پشتیوانی گەورە بەهرمەند بووین و ژیانی دەیان پەنابەرمان لە مەترسی گەرانەوە رزگار کردوە.

بۆیە من بەناوی تەواوی پەنابەرانەوە لەدەرەوەی وولاَت دەمەوێت ئەم نارەزایەتیەتی یە بخەمە روو ئەگەر چی من پێشتر بەنامەی جیا خستوومەتە بەردەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە چەند کۆنگرەی رۆژنامەگەریش لەهەولێر و سلیمانی داواکانی پەنابەرانی کوردم خستۆتە روو و چەندین رێکخراوی جەماوەری پیشەی و حزبو لایەنی سیاسی کوردستانی پشتیوانیان کردوە لەم داوایانە ،داواکارم ئێوەش هەنگاو بۆ جێ بەجێکردنی هەڵگرن من ئامادەم لەنزیکیشەوە بێم لەکۆبوونەوەیەکی پەرلەمان راشکاوانەتر زۆر کێشە هەیە لەگەڵتان باس بکەم:

داواکاریەکانمان لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە:

1. ئەو پەنابەرە کوردانەی بەزۆر رەوانەی کوردستان دەکرێنەوە قبول نەکەن.
2. هەر اتفاقییەیەك ئەگەر کراوە لەسەر وەرگرتنەوەی پەنابەرانی کورد هەڵوشینەوە رەسمەن رای بگەیەنن.
3. فرۆکەخانەی هەولێر نەخرێتە خزمەتی ئەو وولاَتانە کە بەنیازن پەنابەرانی کورد بەزۆر بنێرنەوە.
4. زەخت بۆ وولاَتە ئەوروپایەکان لە رێگای (UN) بهێنرێت ئەم زەخت  وزۆر فشارە لەسەر پەنابەرانی کورد لە لایەن وولاتە ئەورپایەکانەوە هەڵگیرێ.

جێ بەجێ کردنی ئەم داوایانە لەخزمەتی خەڵکی کوردستان و بەرژەوەندیەکانی پەنابەرانی کوردە لەدەرەوە بەهیواین بە چاوێکی بەرپرسیاریانە لەم داوایانە براوانن و وەڵامان بدەنەوە

**بەسلاَوی دووبارە**

**دەشتی جەمال**

**سکرتیری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی**

**2007-10-18**

**ژمارەی موبایل(07856032991)**

**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK.**

d.jamal@ntlworld.com

**ئەم نامەیە لە رێگای بەرێز کاك قادر عەزیزەوە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت و لە هاوکاریکردنی بەرێزیان ئەوپەری تقدیرمان هەیە.**

**تیبینی:ئەم نامەیە بەدوای گەیشتنی بەدەستی بەرێز کاك قادر عەزیز سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان، ئەوانیش  ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی دەکەن.**